هەواڵم پێبدە سەبارەت بە پیاوێک کردەوەی چاک دەکات، وخەڵکی بەهۆیەوە ستایشی دەکەن؟ فەرمووی: ئەوە موژدەی بەپەلەیە بۆ ئیماندار

لە ئەبی زەرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ووترا بە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-: هەواڵم پێبدە سەبارەت بە پیاوێک کردەوەی چاک دەکات، وخەڵکی بەهۆیەوە ستایشی دەکەن؟ فەرمووی: «ئەوە موژدەی بەپەلەیە بۆ ئیماندار».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

واتای فەرموودەکە: مرۆڤ لەوەیە کردەوەیەک بکات ومەبەستی خەڵکی نەبێت، پاشان خەڵکی ستایشی دەکەن بەهۆی ئەم کردەوەیە ودەڵێن فڵان زۆر خێر دەکات وزۆر چاکەکارە وزۆر پەرستن ئەنجامەدات وهاوشێوەی ئەمانە؛ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-سەبارەت بە ئەمە فەرمووی: (ئەوە موژدەی بەپەلەیە بۆ ئیماندار)، ئەمیش بەهۆی ستایشکردنی چونکە ئەگەر خەڵکی ئیمانداری چاک بە باشە ستایشی کەسێک بکەن ئەوان شاهێدی دەری خوای گەورەن لەسەر زەوی، بۆیە کاتێک جەنازەیەک تێپەڕ بوو بە لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وهاوەڵانی خەڵکی بە خێر وچاکە وەسفیان کرد؛ ئەویش فەرمووی: زامنکرا، وپاشان جەنازەیەکی تر تێپەڕ بوو ئەوانیش بە خراپە وشەڕ وەسفیان کرد، فەرمووی: زامنکرا، ووتیان: چی زامنکرا ئەی پێغەمبەری خودا، فەرمووی: (ئەوەی یەکەم بەهەشتی بۆ زامنکرا وئەوەی دووەم دۆزەخی بۆ زامنکرا؛ ئێوەی شاهێدی دەری خوای گەورەن لەسەر زەوی). ئەمیش مانای ئەم فەرموودەیە: (ئەوە موژدەی بەپەلەیە بۆ ئیماندار). وجیاوازی لە نێوان ئەم کەسە وئەوەی کردەوە بۆ ڕیا ئەنجامەدات ئەوەیە کەسی ڕیاباز تەنها بۆ ئەوە کردەوە دەکات بۆئەوەی خەڵکی ببینن وستایشی بکەن ولەم حاڵەتەدا شیرکی بۆ خوای گەورە بڕیارداوە، بەڵام ئەو کەسەی کە بە دڵسۆزی بۆ خوای گەورە کردەوە دەکات وبە هیچ شێوەیەک ستایشی خەڵکی نەهاتووە بە بیریدا وگوێی پێنادات ئەگەر ستایش بکرێت یان ڕەخنەی لێبگیرێت؛ بۆیە ئەگەر بزانن پەرستنێکی ئەنجامداوە ئەوا ستایشی دەکەن و بە باشە وەسفی دەکەن ئەمە ڕیا نییە؛ ئەمە موژدەی خێرا و بەپەلەیە بۆ ئیماندار، چونکە جیاوازی نێوان ئەم کەسە وکردەوەی ڕیاباز جیاوازییەکی زۆر مەزنە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8900